نوێترین نەوەی رۆبۆتی هاوشێوەی مرۆڤ لەلایەن کۆمپانیایەکی چینییەوە دروستکرا

نوێترین نەوەی رۆبۆتی هاوشێوەی مرۆڤ، لەلایەن کۆمپانیای "شاندۆنگ یوبیە تەی"ـی چینییەوە دروستکرا. رۆبۆتەکە بەرزییەکەی 170 سانتیمەتر و کێشی 43 کیلۆگرامە، توانای ئەنجامدانی جوڵەی جۆراوجۆری وەک رۆیشتن، هەنگاونان و راکردن و بەرزکردنەوەی دەست و سوڕانەوەی قۆڵەکانی هەیە، ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگ لە بواری دروستکردنی رۆبۆتی هاوشێوەی مرۆڤدا دروستدەکات.

رۆبۆتە بالا بەرزەکە، دەتوانێت بەشێوەیەکی جێگیر بەخێرایی 7.2 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا رابکات، توانای جوڵە نەرمەکانی بە داهێنانێکی نوێ و سەرنجڕاکێش ناودەبرێت.
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بۆچوونی وایە، ئەم رۆبۆتە مرۆڤدۆستە هاوکارێکی باشی مرۆڤ دەبێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا.

فان یەنگ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای شاندۆنگ یوبیە تەی، دەڵێت: "لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، لەگەڵ گەشەسەندنی بەردەوامدا بەساڵاچوونی دانیشتووان، کەمیی هێزی کار لە زیادبووندان. جا چ لە ژینگەکانی کارکردندا بێت یاخود هاوکاریکردنی کەسانی بەساڵاچوو لە ماڵەوە، خەڵک رۆبۆتیان پێویست

دەبێت بە ئەوەی ڕۆڵ و ئەرکە جیاوازەکان لە ئەستۆ بگرێت. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە ڕۆبۆتەکان زیرەکتر و هەرزانتر دەبن. لە داهاتوودا ڕۆبۆتەکان کارەکانی وەک گواستنەوەی کاڵا و کۆکردنەوەی بەرهەم لە کارگەکاندا و هەڵگرتنی بەرهەم لە کێڵگەکاندا ئەنجامدەدەن".

لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیاکە سەگێکی ڕۆبۆتی زیرەکی دروستکردووە، کە توانای ئەنجامدانی ئەرکی جیاواز و هەڵگرتنی قورسایی هەیە و تایبەتە بە هاوکاریی مرۆڤ.
سەگە ڕۆبۆتییەکە ناوی Y30، دەتوانێت باری قورس هەڵبگرێت، 300 کیلۆگرام لەکاتی وەستاندا و 160 کیلۆگرام لەکاتی جوڵەدا. دەتوانرێت بۆ زۆرێک لە ئەرکەکان لە پیشەسازییەکاندا بەکاربهێنرێت، وەک پشکنینی کارەبا، ئاگرکوژێنەوە، گەڕان و رزگارکردن پاش کارەساتەکان، پشکنینی کێڵگەکان و پشکنینی عەمبارەکان.

کۆمپانیاکە، ئامانجییەتی لەڕێگەی بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتە مرۆڤدەستەکانییەوە هاوکاریی مرۆڤەکان بکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکان بەتایبەت لە ناوچە پیشەسازییەکاندا.